# دەزگای کارەباو خۆشگوزەرانی هاووڵاتی

**شاناز**

لەپاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٣ لەهەموو بوارەکاندا خزمەت گوزاری ئەنجامداوە، چونکە ئەرکی سەرەکی حکومەت دامەزراندنی پرۆژەخزمەتگوزارییەکانە بۆ هاوڵاتیان. لەئەنجامدا توانرا باری ئاسایش ئارامبکرێتەوە سەروو ماڵی هاوڵاتیان بپارێزرێت. لەرووی کارگێریو ئیدارییەوە توانرا یەکە ئیدارییەکانی ڕێکبخاتەوە، پاش حکومەتی عێراقی ئەو سەردەمە کە یەکە ئیداریەکانی لەکوردستان کێشایەوە. هەروەها لەرووی پەروەردەییەوە توانرا میلاکات ڕێکبخرێتەوە، سەرلەنوێ زانکۆی سلێمانی دامەزرایەوە. توانرا لەهەموو گوندو شارو شارۆچکەیەك قوتابخانەکان ئاوەدانبکرێتەوە بە شێوەی نوێ دروستبکرێتەوە لەهەمووی گرنگتر هەردوو بەنداوی دوکانو دەربەندیخان کە تۆڕەکانی کارەبایان لێبەسترایەوە، توانرا ئیدارەیەکی تایبەتو سەربەخۆ بۆکاروپێویستی ئەم دەزگایە دابنرێت، هەر لەپاش دامەزراندنیەوە بە دانانی کارمەندو ئەندازیار بێوچان کاریان کردووە، لەخزمەتی هاوڵاتیاندابوون، بە دابینکردنی کارەباو راکێشانی هێڵی کارەبا بۆ سەدان گوندی کوردستان. هەروەها ناردنی چەندین کارمەندی پێشکەوتوو بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی راهێنان. ئەمانە هەموو ئەو دەستکەوتانەن کە دەزگای کارەبا لەرووی حکومەتی هەرێمەوە فەراهەمی هێناوە. بەڵام بە دوورنییە لەکێشەو کەموکوڕیەکان کە شایەنی باس کردنن، ڕۆژانە بەهەزاران هاوڵاتی گللەیی لەحکومەتو دەزگای کارەبا دەکەن. بەوەی کە حکومەتێکی خاوەن ئیمکانیەتێکی مادی زۆرە بۆچی ناتوانێت کارەبای بەردەوام بۆ ٢ ملیۆن هاوڵاتی کورد دابین بکات. ئاخۆ بۆ حکومەتی هەرێم ناتوانێت لەرووی ئەو داراییە زۆرەی کە لەحکومەتی عێراقی فیدراڵ وەریدەگرێت، سوود لەسەرچاوەکانی تری وەبەرهێنانی کارەبا وەربگرێ، بۆ نموونە وزەی ئەتۆمو گازی سروشتیو نەوتی ڕەشو هەموو ئەو کەرەسانە کە ئەتوانرێت کارەبای لێپەیدابێت. هەروەها لەهەمان کاتدا هەرێمی کوردستان ئاوهەوایەکی لەباری هەیە وەك تاڤگە ئاوییەکانو وزەی( با)، کە ئەتوانرێت بە ئاسانی وزەی کارەبای لێدروست بکرێت. هەروەها ئەم ساڵ کە بارانێکی زۆر باریو لەگەڵ ئەو شەپۆلە بەهێزەی باوبۆرانی سەرەتای مانگی شوبات کە سەرانسەری هەرێکی کوردستانی گرتەوە، دەبوایە دەزگاکانی وەبەرهێنانی وزەی کارەبا زیاتر خزمەتگوزاری کارەبایان پێشکەش بە هاوڵاتیان بکردایە. بەڵام لەهەمان کاتدا لەناو شاری سلێمانیو دەوروبەری ڕۆژانە لێرەو لەوێ بەردەوام کارەبا دەکوژێتەوە، لەکاتێکدا دەوترێت هێڵەکانی کارەباو بگۆڕەکان نوێ کراونەتەوە. بەڵام ڕۆژانەو شەوانە بە سەدان بگۆڕ دەتەقێتەوە ئەمەش لەکاتێکدا کە زیانێکی گەورەیە بۆ حکومەتێ هەرێمو هاوڵاتیش. هەروەها لەهەمان کاتدا حکومەت بڕیاریدا بە دابینکردنی مولیدە بۆ گەڕەکە هەژارەکانی ناو شار بەڵام هێشتا بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە. ئەبوایە حکومەتی هەرێم نەخشەیەکی (ستاندارد)ی هەبوایە بۆ پێدانی کارەبای هاوڵاتیان کە لەوەرزی زستاندا ساردو سەرمایەکی زۆری هەیەو شەوەکانیش درێژن، بە هەمان شێوە خوێندکاران دەوامی قوتابخانە دەکەن پێویستیەکی زۆریان بەکارەبا هەیە بۆ کاتی وانە خوێندنیان.

هەر بەمەبەستی کێشەی کارەباو گللەییو گازندەی هاوڵاتیان لەدەزگای کارەبا ڕوومان کردە بەڕێوەبەرایەتی دەزگای کارەبای هەرێم لەسلێمانی، پرسیارمان ئاراستەی بەڕێز (دلشاد محەمەد شاکر) کرد کە جێگری سەرۆکی دەزگای کارەبایە.

ئایا ئاستی بەرزبوونەوەی ئاوی هەردوو بەنداوی دوکانو دەربەندیخان گەیشتۆتە چەند؟ ئایا بەرنامەی ئێوە بۆ پێدانی کارەبا بۆ مانگەکانی(٣، ٤، ٥) چۆنە، وەیان بەرنامە بۆ پێدانی کارەبا بۆ مانگەکانی (٦، ٧، ٨) کە ٣ مانگن پلەی گەرما زیاتر بەرز دەبێتەوە، ئایا دەتوانن بەرنامەیەکی تایبەت بۆ ئەو مانگانە دابرێژرێت. بۆچی ناتوانن سوود لەئاووهەوای کوردستان وەربگرن بۆ وزەی کارەبا، یان ئەو مولیدە (٢٩) مێگاواتەی کە هەیە تا ئێستا بە کار نەهاتووە، ئایا هۆی راستی ئەو برە کارەبایەی کە لەبەغداوە دێت بۆ هەرێمی کوردستان کەم دەکرێتەوە هۆکەی چییە؟ وە جار جارێك گۆڕانکاریەکی تێدا دەکرێت ئەو



دلشاد محەمەد شاکر

فشارانە چین؟.

بەڕێزیشی لەوەڵامدا گوتی: بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی هەردوو بەنداوەکە زۆر سوودمەندبووین ئاستی ئاوی دوکان گەیشتۆتەوە ٤٩٤,٧٤ م، هەروەها ئاوی دەربەندیخان گەیشتۆتە ٤٦٢,٢٠م، هەموو دەزانین کە شار لەگەورەبووندایە و ژمارەی دانیشتوان زۆرتر بووە دوو کارتێکەری هەیە یەکەمیان: -

لە١٠٠٪ پێداوێستی کارەبا زۆربووە بەرفراوان بوونی خانووبەرەو پرۆژەو باڵەخانەو پارکەکان لەفراوان بووندان.

دووەم: ئاستی بژێوی زۆر بووە ئامێرە کاربابییەکان زۆر بەکاردێنن، هەروەها گرانی سووتەمەنی بۆتە هۆیەکی تر کە خەڵکی زیاتر کارەبا لەجیاتی سووتەمەنی بەکاردێنن. ئێمە لەتواناماندا هەیە، درێغی ناکەین بە بەرنامە کارەبا دەدەین بەخەڵك وە بەگوێرەی وەرزەکان جۆری بەرنامەکان دەگۆڕێت، بەدڵنیاییەوە بۆ وەرزە گەرمەکان بەرنامەی کارەبا بەباشی دادەڕێژین کەبەشی پێداویستی خەڵکی بکات، هەروەها بەمەبەستی بەرنامەی ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ کۆمپانیای (سەقەر)ی لوبنانی کردووە کە ئێستا لەجێبەجێ کردندایە مۆلیدەیەکی (٨١) مێگواتی داناوە لەناوچە جیاجیاکاندا بۆ سوودمەندی هاوڵاتیان لەشەش بنکەدا. ئێمە لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای ئێرانیو تورکی خەریکی کۆکردنەوەی زانیارین بۆ ئەوەی بتوانین سوود لەتاڤگەو وزەی (با) وەربگرین لەکوردستاندا. هەروەها مۆلیدەی (٢٩) مێگاواتی نیوەی لەکاردایەو نیوەکەی تری وەستاوە بەهۆی لایەنی تەکنیکیەوە. ڕاستی ئەو کارەبایەی لەبەغدادەوە دێت یەکێ لەهۆیە سەرەکیەکان کە ئەوان کۆنترۆڵیان نییە لەسەر شەبەکە کارەباییەکان،کە تیرۆریستان دەبنە هۆی تێکدانی شەبەکە کارەباییەکان لەتەقینەوەی بۆڕیەکان ئەوەش ئەبێتە کێشە بۆ ئێمە، هەروەها بەغداد خۆشیان ئەم کێشەیەیان هەیە کە کارەبا بەشی خۆیان ناکات ئیعتیمادیان کردە سەر کارەبا راکێشان لەئێرانەوە لەهەندێ ناوچەی جیاواز. راکێشانی کارەبا لەئێرانەوە لەسێ ناوچەی جیاوازدان کە خەریکی کارکردنین بۆ ئەنجام دانی پرۆژەکان. ٥ لەپاوەوە بۆ هەڵەبجە، لەمەریوانەوە - بۆپێنجوێن، لەخانەقینەوە بۆ کەلار، هەروەها ئێمەش کاری بۆ دەکەین بەبەردەوامی.

هۆکاری برانی کارەباو کەمی بەرنامەی کارەبا تەنها دەزگای کارەبا بەرپرس نابێت لێی، بگرە هاوڵاتیانیش بەرپرسن لێی چونکە بەویژدانەوە. کارەبا بەکار ناهێنن زیادەڕۆی زۆر لەکارەبا دەکەن، هیوادارین حکومەتو دەزگای کارەباو هاوڵاتیان هەموو لەخزمەتی وڵاتدابن بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستانێکی پڕ خۆشی.

# بزمارێکی هەرزان

**خالید مەجید فەرەج**



نەنکم بەرەحمەت بێ زۆر شتی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی شاری سلێمانی بۆ ئەگێڕامەوە هەر لەشۆڕشەکەی شێخ مەحمودەوە تا دەشتی تەیارەخانەکەو بۆردومانی سلێمانی تا ئەگاتە کوشتنی جەمال عیرفان بە تەحریزی شێخان لەبەر ئەوەی فەیلەقوز (فەیلەسوف) گوتوویەتی باران لەهەڵمی ئاو پەیدادەبێو هەورە تریشقەش قامچی مەلاییکەتان نییە بەڵکو لێکدانی دوو هەوری ساردو گەرمە. بێگومان گرانی گەورەو بچکۆلەشی لەبیربوو بۆیە هەر پارەی چنگ کەوتایە لەپێش هەموو شتێکەوە ئەبوایە گەنمەکەی بکڕیایە. یەکێك لەو شتانەی کە سەرنجی ئەوکاتەی منی ڕاکێشابوو باسی مریشك دزەکانی ئەو عەیامە بوو. دزیکردن خۆی لەخۆیا شتێکی سەیرو سەمەرە نییە چونکە ڕۆژانە هەزارەها نەك مریشك بەڵکو پاپۆڕیش ئەدزرێ. بەڵام سەیرەکە لەوەسیلەکەیابوو ئەیووت ئەو دزانە سەرو ریخۆڵەیان هەڵئەگرتوو ئەکەوتنە کۆڵانەکانی سلێمانی لام سەیر بوو ئەمووت باشە مریشك دزین ریخۆڵەی بۆچییە! ئەیووت چۆن بۆچێیەتی سەرێکی ریخۆڵەکەیان بۆ مریشکەکە فڕێئەیاو سەرەکەیتریشیان ئەگرت بەدەمیانەوە هەرکە مریشکی بەستەزمان سەری ریخۆڵەی بەدەنووك ئاودیو ئەکرد ئەمان فوویان پیائەکردو ریخۆڵە لەقوڕگی مریشکە ئەبوو بە میزڵدانو قیڕەو حەرەکەی لێئەبڕی. ئا بەو نەوعە مریشکیان ئەخستە بن دەستیان بێ ئەوەی فرکە فرك لەم سەر بۆ ئەو سەر راوینێنو ساحێب مریشك بۆیان دەرپەڕێو قاچێکیان بکەن بە هەزارو تا شیوی جولەکان ئاوڕنەیەنەوە. ئەم نەقڵەم بۆیە هێنایەوە تا بگەمە سەر ئەو کابرایەی کە چووبۆوە بۆ وڵات داوای کردبوو بیکەنە مامۆستای زانستە کەتا تیا نییە CV سیاسییەکان لەیەکێك لەزانکۆکان. ئەڵێن بۆچی برادەر خۆ لەبڕوانامەی زانستە سیاسییەکانت هەبێ چۆن ئەبیتە مامۆستای ئەو بەشە ئەڵێ راستە بەڵام ئەوە سێ ساڵە لەسەر پاڵتاڵك هەموو شەوێك لەهەر ژوورەی سێ چارەك موداخەلەی سیاسیم هەیەو شەوی زیاتر لەدوو سەد دەم خۆشیشم بۆ ئەنووسن بێجگە لەوەش دەیان وتاری سیاسیم لەو سایتە ئەلکترۆنیانە بڵاوکردۆتەوە. ئەم بەڕێزە ڕاست ئەفەرموێ هاتووهاواری زۆر بوو لەکوردستانی سەربەخۆی کەمتر نەدەویست رەخنەی زۆری لەحیزبەکان هەبوو بەڵام لەناکاو لەقیڕەیان خست ئەملا ئەولا دواتر دەرکەوت کە سەرێکی ریخۆڵەکەی بردووە بەدەمیاو دەسەڵاتداریش نەیکردۆتە نامەردیو فوویەکی کوردانەی پیاکردووە ئەڵێن ئێستاکانە لەکوردستانە ڕاستە قیڕەی نەماوەو بە سیعری مریشك دزراوە بەڵام بە دەردی مریشکەکانی ئەوسای سلێمانی نەچووە باش ئەژی.

***ماڵپەڕی دەنگەکان***
***www.dengekan.com***

# ( ئەمیر حەیدەری ) بۆ دوانزەهەمین جار، دەستگیرکرا

ڕۆژنامەی ( Goteborgs Posten) لە ژمارەی (٣٦)ی هەفتەی (٦) ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٧فێبرواری ٢٠٠٦ نووسیویەتی: (ئەمیر حەیدەری) گەورە قاچاغچی بۆ جارێکی تر لەگەڵ سێ گومان لێکراوی تردا، بە تۆمەتی قاچاغچی کردنو تەزویرکردنی پەساپۆرتو دێکۆمێنتی سویدی، دەستگیر کرا.

یۆتۆبۆری: ئەمیر حەیدەری قاچاغچی مرۆڤ، ( ٥٢) ساڵ، ڕۆژی دووشەممە لەگەڵ سێ هاوکاری تریدا، بە تۆمەتی کارکردن بۆ هێنانی پەنابەر دەستگیرکران.

ڕۆژنامەکە لەزاری ئەمیر حەیدەریەوە نووسیویەتی: کە ئەو، ئەو کارە بە ئەرکی ژیانی دەزانێ.

حەیدەری دەڵێت: (یاریدەی خەڵك دەدات کە هەڵبێن) ئەو کارەی کە تا ئێستا ناوبراو سیانزدە ساڵ زیندانی لەزیندانەکانی سویدو دانیمارك بە سەربردووە.

(تۆماس ئاڵستراند) داواکاری گشتی نێودەوڵەتی لە یۆتۆبۆری، ڕۆژی دووشەممە ٦ی فێبرواری ٢٠٠٦ بڕیاری تەوقیف کردنی حەیدەریو پێنج گومان لێکراوی تریدا کە پۆلیس پێشترو لەهەمان ڕۆژدا دەستگیری کردبوون.

بە گوێرەی لێدوانەکانی لەوە پێشی حەیدەری بۆ ڕۆژنامەکان، ناوبراو لەساڵی ١٩٨٣ ەوە تا ئێستا هاوکاری نزیکەی دوو سەد هەزار کەسی لەهەموو ناوچەکانی دنیا داوە کە هەڵبێن، لەوانە ٣٧ هەزاریان ڕوویان کردۆتە سوید. ئەو دەڵێت گوایە ئەو کارەی بێبەرانبەر بووەو هیچ پارەیەکی لەپایدا وەرنەگرتووە، تەنها وەك باوەڕو پرەنسیپەکانی خۆی پێی هەڵساوە.

ئەمیر حەیدەری ساڵی ١٩٧٩ لەئێرانەوە وەك خوێندکارێکی میوان هاتۆتە سوید، ساڵی دواتر واتا ساڵی ١٩٨٠ مافی پەنابەری مانەوەی پێدراوە. هەر دوای ئەوە بە پەلە ڕێکخراوێکی دامەزراندووە، کە بیرۆکەکەی هاوکاری کردنی خەڵکی بووە تا هەڵبێن لەئێران. لەسەرەتاوە ئەو ڕێکخراوە هیچ



پارەیەکی لەپەنابەرەکان وەرنەگرتووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٣ەوە ئەو کارەیان کردۆتە پارە. لە دوایین دادگاییکردنی ناوبراودا لەشاری یۆتۆبۆری ساڵی ٢٠٠٢ ژمارەیەك شاهید لەبەردەمی دادگادا دانیان بەوە داناوە کە بڕی ٤٠٠٠ دۆلاری ئەمریکیان داوە بۆ هێنانیان بۆسوید. ساڵی ١٩٩٧ دادگای سوید بڕیاری هەتاهەتایی دەرکردنو دوورخستنەوەی ناوبراوی لەشانشینی سوید دەرکرد، بەڵام دواتر ئەو بڕیارە گۆڕا بە پێدانی مافی پەنابەری کاتیو کارکردن، چونکە مەترسی ئەوە لە ئارادا بوو، کە ڕەوانە کردنەوەی ناوبراو بۆ ئێران، ببێتە هۆی ئەشکەنجەدانو لەسێدارەدانی.

چەند زانیاریەك لەسەر ئەمیری حەیدەری:

* ساڵی ١٩٨٤ ئەمیر حەیدەری بۆ یەکەم جار بۆ ماوەی ساڵێك زیندانی کرا، بە تۆمەتی قاچاغچێتی کردنو بە نایاسایی هێنانی خەڵك بۆ سوید.

* دوای ئەوە ناوبراو دوانزدە جاریتر لەلایەن دادگاوە سزادراوە.

* ١٩٩٩ حەیدەری ساڵێك بە تۆمەتی تەزویرکردن، لەلایەن دادگای یۆتۆبۆرییەوە زیندانی کراوە.

* ١ی ئەپریلی ٢٠٠٢ لەلایەن دادگای باڵای خۆرئاوای سویدەوە بە چوار ساڵ زیندانی دادگایی کراوە.

بە گوێرەی زانیارییە تایبەتییەکانی پەریسیا ناوبراو لەناو زیندانیشەوە، لە ڕێی مۆبێلی تایبەتەوە کارەکانی بەڕێوەدەبات.

شیاوی باسە ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی قاچاغچێتی ڕێی هەندەرانیان لەپارچەکانی کوردستانەوە بۆ وڵاتانی خۆرئاوا دەکەن، ناوی (ئەمیر حەیدەری) وەك سەرۆکی کارەکەیان دەهێنن.

***www.baznekan.com***